# چەند فەرمانڕەوایەك دێن؛ درۆ دەكەن وستەم دەكەن، هەركەسێك درۆكانیان بە ڕاست دابنێت ویارمەتیان بدات لەسەر ستەمكردنیان؛ ئەو كەسە لە من نییە، ومنیش لە ئەو نییم

لە حوزەیفەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «چەند فەرمانڕەوایەك دێن؛ درۆ دەكەن وستەم دەكەن، هەركەسێك درۆكانیان بە ڕاست دابنێت ویارمەتیان بدات لەسەر ستەمكردنیان؛ ئەو كەسە لە من نییە، ومنیش لە ئەو نییم، وناگاتە لام لەسەر حەوزەكە، وئەوەی درۆكانیان بە ڕاست دانەنێت، ویارمەتیان نەدات لەسەر ستەمكردنیان؛ ئەو كەسە لە منە، ومنیش لە ئەوم، ودەگاتە لام لەسەر حەوزەكە».

[سەحیح - ڕاست)] [(أحمد) ڕیوایەتی كردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت كە لە پاش مردنی ئەو؛ چەند فەرمانڕەوایەك دەسەڵات دەگرنە دەست ودرۆ دەكەن لە قسەكانیان، ئەوەی دەیڵێن ئەنجامی نادەن، وستەم دەكەن لە حوكم كردندا، هەركەسێك بچێت بۆ لایان ودرۆكانیان بەڕاست دابنێت، ویارمەتیان بدات لەسەر ستەم بە كردەوە یان بە قسە وەكو فەتوادان بۆیان بۆئەوەی لێیان نزیك بێتەوە؛ ئەوا پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- خۆی داپڕاندووە -بەریئە- لەو كەسە ولە ئەو نییە وئەویش لە پێغەمبەر نییە، ولە ڕۆژی قیامەتدا ناچێتە سەرە حەوزی كەسەر، وئەوەی نەچێت بۆ لایان ودرۆكانیان بەڕاست دانەنێت ویارمەتیان نەدات لەسەر ستەم كردنیان؛ ئەوا ئەو كەسە لە پێغەمبەرە -صلی الله علیه وسلم- وپێغەمبەریش لە ئەوە، ولە ڕۆژی قیامەتدا دەگات بە دیداری لەسەر حەوزی كەوسەر.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66197